# له فرۆكه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تی هه‌ولێر داوای پاسپۆرتی (العراق العظيم) ده‌كه‌ن !!

## ئه‌حمه‌د ره‌جه‌ب

له سوید په‌یوه‌ندیم به هیڵی ئاسمانی ئه‌تروشه‌وه كردو، به یارمه‌تی هه‌ردوو برای به‌ڕێز كاك ئازادو كاك دڵشاد توانیم بلێتی ستۆكهۆڵم ـ هه‌ولێرو، هه‌ولێر ـ ستۆكهۆڵم بكرم و، به‌ره‌و كوردستان برۆم.

نرخی بلێت ته‌نها 7200 دۆلاری ئه‌مریكییه‌و هیچی تر.

خواردنی ناو فرۆكه‌كه ئه‌وه‌نده (نایابه) !! كه‌س نازانێت ناوی چییه‌و، ئه‌وه‌نده (زۆره) !! منداڵێك تێر ناكات.

له فرۆكه‌خانه‌ی هه‌ولێری نێوده‌وڵه‌تی یارمه‌تییه‌كی باش پێشكه‌ش ده‌كرێت و، به هۆی ژماره‌یه‌كی زۆر له ره‌شپێسته‌كانی ولاتانی فلیپین و تایلاندو سێریلانكا كه له‌وی له باتی (كوردان) كار ده‌كه‌ن شتومه‌كی خه‌ڵك به باشی بۆ ناو پاس و تۆتۆمبیله‌كان له ده‌ره‌وه‌ی فرۆكه‌خانه ده‌گوازرێنه‌وه.

كارمه‌ندانی ئه‌تروش له هه‌ولێر (به‌داخه‌وه) قۆڵ برو راستگۆ نین و، بۆ نموونه ماوه‌ی مانه‌وه له كوردستان پێویستی به درێژكردنه‌وه‌ی بلیتی فرۆكه‌یه‌و، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته چوومه نووسینگه‌ی ئه‌تروش له هه‌ولێرو چاوم به به‌ڕێز كاك مه‌ریوان كه‌وت و، وتم ده‌مه‌وێت ماوه‌ی بلیته‌كه درێژبكرێته‌وه‌و، یه‌كسه‌ر وتی : 85 دۆلار ( ته‌نها 85) دۆلار ده‌كات و، هه‌ر من وتم باشه بانگی كارمه‌ندێكی تری كردو، ئه‌ویش یه‌كسه‌ر پسووڵه‌یه‌كی 5 دۆلاری بری و، منیش كتوپڕ وتم كاكه : (5) دۆلار نییه، به‌ڵكو (85) دۆلاره‌و، له پاش مشتومرێكی زۆرخایه‌ن كاكه رازی بوو (5) بكات به (85) دۆلار.

داوام له كاكه‌ی به‌ڕێز كرد به نووسین بنووسێت 85 دۆلارو، ئه‌و له باتی هه‌شتاوپێنج به كوردی بنووسێت، به عه‌ره‌بی نووسی : (ثمانية وخمسون) دۆلار، وتم كاكه ئه‌وه هه‌ڵه‌یه، بۆیه جارێكی تر به عه‌ره‌بی نووسی (خمسة وثمانون) دۆلار ـ 85 دۆلار.

منیش بۆ دڵنیایی هه‌ردوولا وتم ئه‌م پسووڵه‌یه پیویستی به مۆر (ختم) هه‌یه‌و، كاكه له بری یه‌ك مۆر، دوو مۆری پێوه‌نا..

ژماره‌ی پسووڵه‌كه :

AtroshAir

Invoice No. AA No 000290

له كۆتاییدا وتم : باشه ئه‌م پسووڵه‌یه 3 دانه‌یه، ئێوه ته‌نها یه‌كه‌متان راست كردووه‌و، دووانه‌كه‌ی تر (كۆپییه‌كان) وه‌ك خۆی ماوه‌ته‌وه !!.

له وه‌لامدا وتیان : ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی به ئێوه هه‌یه راست كراوه‌ته‌وه‌و، ئه‌وانی تر په‌یوه‌ندی به خۆمانه‌وه هه‌یه !!.، ( دزی به ئاشكرا) دیاره ..

له گه‌رانه‌وه‌م بۆ سوید بریار وابوو فرۆكه‌كه له كاتژمێر 7.30 فرۆكه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تی هه‌ولێر به‌جێبهێڵێت، به‌لام دووا كه‌وت و، له كاتژمێر 11خواحافیزی كرد به مه‌به‌ستی گه‌شتێكی راسته‌وخۆ به‌ره‌و ستۆكهۆڵم..

فرۆكه‌كه چووه ئه‌سیناو، پاشان دانیمارك و له پاش 7 كاتژمێر گه‌یشته ستۆكهۆڵم.

له هه‌مووی سه‌یرتر ئه‌وه‌یه كه :

له فرۆكه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تی هه‌ولێر داوای پاسپۆرتی (العراق العظيم) ده‌كه‌ن و، ئه‌وه‌ی ئه‌و پاسپۆرته‌ی پێ نه‌بێت ده‌بی باج بدات. له كاكی مولازم (حسين سورچى) م پرسی : برا گیان بۆ داوای دیكۆمێنتی عێراقی ده‌كه‌ن؟؟ .

وتی : بۆ ئه‌وه‌ی بزانین ئایا تۆ عێراقیت !!!.

وتم : فه‌رموو ئه‌مه (هویه)ی سه‌ندیكای رۆژنامه‌نووسانی كوردستانه.

وتی : نابێت و هیچ دیكومێنتێك ناخوات جگه له پاسپۆرتی عێراق نه‌بێت و، ده‌بی 35 دۆلار بده‌یت ..

كاتی 100 دۆلارم دا به كاكی مولازیم وتی: برۆ له بانق وردی كه‌ره‌وه.

له ناو فروكه‌خانه بانقێك به ناو ئه‌دمیرلاند هه‌یه‌و، كاتێ ویستم 100 دۆلار وردكه‌مه‌وه برای كارمه‌ند وتی ورده‌مان نییه.

گه‌رامه‌وه بۆ لای كاك مولازیم و، وتم ورده له بانق نییه و، یه‌كسه‌ر وتی برۆ به مولازیم كاروان بڵێ. ( نازانم كاكی مولازیم ناوی

کاروان بوو یان مەریوان).

ناچار چوومە لای کاکی مولازیم ئەوەل کاروان و، ئەویش وتی بێنە بێنە با وردی بکەمەوە. سەیرە لە بانق وردە نییە، بەلام لە گیرفانی مولازیم ئەوەل هەیە..( بانێکەو دوو هەوا).

بە پێی پسووڵە ژمارە : 557951 لە رۆژی 2007/5/21 ، 35 دۆلار باجم دا..

خەڵکینە لە ولاتی خۆماندا دەبێ باج بدەین، چونکە شوناسنامەی داگیرکەرمان پێ نییەو. پێویستە ئەم بەزمە لە کوردستان پەیرەو نەکرێت و، وەك موخابەراتی سوریا وتورکیا رەفتار لە گەڵ هاولاتییان نەکرێت.